www.kurdistannet.org
26-10-2006 23:45:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

## دوو شوێنی خوێندنی باڵا بەخۆڕایی بۆ ئەو خوێنکارانەی دەخوازن لە زانستگە بخوێنن

ئەکادیمیای کراوەی عەرەبی لە دانیمارک بە سوپاسەوە دوو شوێنی بە خۆڕایی داوەتە ناوەندی چاک، هەربۆیە ناوەندی چاک بانگەواز ئاراستەی خوێنداکارانی کورد دەکات، بۆ پەیوەندی کردن بە ناوەندی چاک، بەڵکو بتوانن سوود لەو دوو شوێنە وەربگرن.
شوێنەکان بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەرن. هەموو خوێندکارانی خاوەن بەڵگەنامەی ئامادەیی یا بەکالۆریۆس دەتوانن پەیوەندی بکەن. ئەوانەی خاوەن بەڵگەنامەی ئامادەیین دەتوانن بەکالۆریۆس بخوێنن، ئەوانەی خاوەنی بەکالۆریۆسن دەتوانن ماستەر بخوێنن. خوێندنەکە بە زمانی عەرەبیە و شێوازی خوێندنیش لەڕێی کۆمپیوتەرەوە دەبێت.

لەهەڵبژاردنی خوێندکاراندا کەسانی خاوەن قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال، پێشدەخرێن. بەڵام وەکو گوترا هەموو کەسێکی خاوەن بەڵگەنامەی پێویست بۆی هەیە پەیوەندی بکات. ئەوەی خاوەن قوربانییە، پێویستە لە داواکاریەکەیدا بە بەڵگەوە ئاماژەی بۆ بکات.

ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن، خەرجی خوێندنەکەیان بە خۆڕایی دەبێت، وپاکەجی خوێندنەکەی بۆ دەگاتە جێی خۆی.

**دواکات بۆ داواکردن 2006/11/20 و لە 2006/12/1 دا 2 کەس هەڵدەبژێردرێن.**

هەندێ زانیاری پێویست سەبارەت بە ئەکادیمیای کراوەی عەرەبی لە دانیمارک:

ناوی زانکۆکە : (الاکادیمیة العربیة المفتوحة فی الدانمارک)
ماڵپەرەکەی: http://www.ao-university.org
زانکۆکە خاوەن مۆڵەتنامەی ( world association of universities and colleges ) ، واتە بەڵگەنامەکانی باوەڕپێکراوە لەسەر ئاستی جیهاندا.

ئەو کۆلیژ و بەشانەی تێدایە:

1- قانون و سياسة ( ياسا ، سياسەت)
2- اداره و اقتصاد و محاسبة (ادارة اعمال، اقتصاد وادارة مالية، محاسبة، ادارة صناعية، ادارة بيئة، ادارة مشاريع)
3- تربية و آداب (( زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، اعلام و اتصالات (میدیا)، علم الاجتماع(کۆمەڵناسی)، علم النفس (دەروونناسی) ، پەروەردە، ادب مسرحی (شانۆ)، مواد عامة)).

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەو ئی مایلانە بکەن:

chak_org@yahoo.com

chak_danmark@yahoo.com